**پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

**ژمارە : ١٦٢٨ لــە ٢٠١٠/٩/٢٣**

# بــەیــاننامــە

پشت بـەحوکمی مـاددەی هەشـتەم لـە ( یاسـای بڵاوکردنـەوە لـە رۆژنامـەی فـەرمی وەقـایعی کوردسـتان ) ژمـارە (٤)ی سـاڵی ١٩٩٩ و لەبـەر ئـەوەی هەڵەیـەك لـە وەرگێرانـی مـاددە (٤٤) نوسـخە کوردییەکـەی ( یاسـای وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاو توێژینـەوەی زانسـتی ) ژمـارە ( ١٠)ی سـاڵی ٢٠٠٨ دا روویـداوە . کە لە ژمارە (٩٠)ی لە (٢٠٠٨/٨/١١) رۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە ، چـونکە دەقـە راسـتەکەی ماددەی ناوبراو لە نوسخەی عەرەبیەکەدا بەم جۆرەیە :-

( أولاً : يحتفظ أعضاء الهيئة التدريسية بمراتبهم العلمية و سائر الحقوق في هذا القانون و القوانين الأخرى و الانظمة و التعليمات الصادرة بموجبها في حالة تنسيبهم أو تفرغهم في وظائف خارج الجامعات و الهيئات و تعيينهم أو نقلهم الى وظائف في مركز الوزارة أو مراكز الجامعات و الهيئات ، وتعتبر مدة قيامهم بهذه الوظائف خدمة جامعية فعلية لأغراض الترقية والعلاوة و الترفيع والتقاعد ) .

کەچی رستەی ( في مركز الوزارة ) کە لـەدێری چـوارەمی ماددەکـەدا هـاتووە بـە هەڵـە وەرگێرانەکـەی کـراوە بـە (دەرەوەی سەنتەری وەزارەت) و راستەکەشی ( لە سەنتەری وەزارەت )ـــــە ، لەبەر ئەوەش کە نوسخە عەرەبییەکـە بە ئەسڵ دادەنرێ ، بـەو پێیـەی کـە دەقێکـی ئەسـڵییەو لەلایـەن پەرلەمانـەوە دەنگـی لەسـەر دراوە و نوسـخەی کوردییەکە وەرگێرانی دەقە ئەسڵییەکەیە دەبێ وەك ئەو بێ .
وە بۆ ئەوەی ئەمە رەچاو بکرێ و بەپێی ئەو دەقەی لە نوسخەی عەرەبیەکەدا هاتووە پشت بە ماددە (٤٤)ی یاسای ناوبراو ببەسترێ ، بە پێویستمان زانی ئاماژەی پێ بدەین و ئەم بەیاننامەیە دەربکەین .

**فرست أحمد عبدالله**

**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان - عیراق**